**خاوەنی نوسینگەی (هاڤی تادانۆ) لە هەولێر:**

## ئامادەم کرێنێك بهێنم بۆ هەڵەبجە بۆ لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی.




**لە (ئاسۆعەبدوللەتیف) ەوە**

پاش ئەو دەنگۆیانەی کە لە ئارادان بۆ ئەوەی کە عەلی کیمیایی تاوانبارو بکوژی هەڵەبجەو ئەنفال ببرێتە هەڵەبجەو ئەو ئامادە سازیانەی خەڵکی بەشەرەف بۆ ئەو کەرنەڤاڵە مێژووییە سازیان کردووە ، وە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدان لە ناو هەڵەبجەدا بچەسپێ و جێبەجێ بکرێت، بەرێز هەژارخدر ئیبراهیم کە خەڵکی هەولێرەو خاوەنی نوسینگەی هاڤی تادانۆیە و زیاتر لە 10 کرێن و سلنگی هەیە، ئامادەیی خۆی دەربریوە بەوەی لە ئێستاوە یەکێك لە کرێنەکانی بەرێتە هەڵەبجەو بیرازێنێتەوەو لەدەروازەی شار یان عەنەب یان گوڵان دای بنێ تاوەکو عەلی کیمیایی پێ بکات بە پەتداو هەڵیواسێت لە تۆڵەی 5000 شەهیدو هەزاران قوربانی ئەنفالدا، ئەمەش بە شانازییەك ئەبینێ.

شایەنی باسە هەمیشە خەڵکی بەشەرەڤ هەولێر چ لە رابردوو چ لە ئێستادا خزمەتێکی بەرچاویان بە خەڵکی لێقەوماوی هەڵەبجە کردووە بەتایبەتی ئەو کاتەی کە هەڵەبجەییەکان هێنرانە دەشتی هەولێرو بەرحوشترو لە وەزعیەتێکی زۆر خراپدا ئەژیان و خەڵکی شەرافەتمەندی هەولێر بە جوانی و بێ ترس خزمەت و خواردن و یارمەتیان بۆ ئاوارە هەڵەبجەییەکان ئەگواستەوە، ئێستاش وەك کاك هەژار دەڵێ: بۆ تازەکردنەوەی وەفاو خۆشەویستیمان بۆ خەڵکی هەڵەبجەو یارمەتیدانیان بۆ تۆڵەسەندنەوە کە ئەمە تۆڵەیەکی یاسایی و دەوڵەتیەو دوورە لە دەمارگیری و شتی شەخسی و ئاژاوەنانەوە، ئامادەم بە هەموو توانام ئەم کارە بکەم بێ ترس و خۆم بەرپرسیارم،

کاك هەژار ئەڵێ: بڕیاری هەڵەبجەییەکان بۆ هێنانی عەلی کیمیایی بۆ هەڵەبجە ئەوپەری زیندوێتی خەڵکەکەیەتی و بە باشترین هەوڵی ئەزانم چونکە ئەم کارە بۆ کورد ئەبێتە سەروەریەکی مێژوویی و تکاش لە خەڵکی هەڵەبجەو دەسەڵات ئەکەم ئەو شەرەفەم بدەنێ و لەم هەوڵەش سڵ مەکەنەوەو یەکێکیشم لە زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان کە بە قەراری عەلی کیمیایی حوکمی ئیعدامم بەسەردا دراو دەیان ئازارو ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی دراوم، بەڵام لەبەر بچوکی تەمەنم حوکمەکەم کرا بە ئەبەدیی.